گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1166 (PP 26-43)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.2

توێژینەوە

# تایبەتمەندی (ریلەیشنەڵ ئارت) لە كارەكانی هونەرمەندانهیوا كەریم و نەرمین مستەفا

**هێمن حمید شریف/** بەشی هونەری شێوەكاری، كۆلێژی هونەرە جوانەكان، زانكۆی سەڵاحەددین- هەولێر،هەولێر هەرێمی كوردستان،عێراق.

**تانیا عەبدولبەسیر محەمەد حەسەن/** بەشی هونەری شێوەكاری، كۆلێژی هونەرە جوانەكان، زانكۆی سەڵاحەددین- هەولێر،هەولێر هەرێمی كوردستان،عێراق.

## پوختە

بەشێوەیەكی گشتی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی تایبەتمەندی (ریلەیشنەڵ ئارت ) لە كارەكانی هونەرمەندان ( هیوا كەریم و نەرمین مستەفا) ، كە لە چواربەش پێكدێت، بەشی یەكەم پێكهاتووە لە گرفتەكانی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە ئامانجی توێژینەوە و سنووری توێژینەوە و هەروەها دیاریكردنی زاراوەكان، بەشی دووەمی توێژینەوەكە بریتیە لە چوارچێوەی توێژینەوەكە كە ئەویش لە سێ تەوەرە پێكدێت، تەوەرەی یەكەم: ئەو بزوتنەوە هونەریەكانی كە زەمینەیان خۆشكرد بۆ سەرهەڵدانی هونەری(ریلەیشنەڵ ئات)، دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە هونەری (ریلەیشنەڵ ئارت)، تەوەرەی سێیەم:- هونەری (ریلەیشنەڵئارت) لە جیهانی هاوچەرخدا، بەشی سێیەم پێكدێت لە رێكارەكانی توێژێنەوەكە كە ئەویش بریتیە لە كۆمەڵگای توێژینەوە، پرۆگرامی توێژینەوە،ئامرازی كۆكردنوەی داتا، شیكردنەوەی داتایەكان كە توێژەر پشتی بەستوە بە رێكارەكانی توێژینەوەیەكی زانستی و رێبازی شیكردنەوەی وصفی لێكدانەوە بەكارهیناوە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەكان. وەرزی چوارەمیش دەرئەنجامەكان و راسپاردە و پێشنیارەكانە توێژنەوەكە كۆتایدێت.

CORSPONDANCE
هێمن حمید شریف
hemnhamed1973@gmail.com

وەرگرتن 2023/04/18
پەسندكردن 2023/07/24
بڵاوكردنە 2024/08/15

**وشە سەرەكییەكان:**
(ریلەیشنەڵ ئارت ) پەیوەندیدار،
بینەران،
هونەرمەند،
جیهانی هاوچەرخ،
كۆمەڵایەتی،
بەشداربووان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

### 1-1 گرفتی توێژینەوە

جیهان لە بارودۆخی دوای گەشەکردنی سەرمایەداریی و پێشکەوتنی بواری بازرگانی و هەروەها پێشکەوتنی بەرچاوو خێرای بواری تەکنەلۆژیا و گۆرانکاریە گەورەکان کە لە دیزاینی شارستانیەتی مرۆڤایەتی رویاندا، پەیوەست بوونی ژیانی مرۆڤ بە ئامانج وئایدیۆلۆژیای سیستەمی سەرمایەداری و (کەپیتالیزمی ئابووری )، هەڵبەت گەورە بوونی شاروو وڵاتە هەبووەکان و زیادبوون و بڵندبوونی باڵەخانەوە و ئاپارتمانتەکان و زۆربوونی پێداویستیەکانی هاتووچۆو بەدیزاین و شێوەی جیاواز بەدوایخۆیدا هێنا، دیارە لەم گۆرانکاریانەش ژیانی مرۆڤایەتیلە پێناوی بەدەست هێنانی ژیانێکی ئاسوودە کە لە رێگەی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بوارە جیاجاکانی ژیاندا بەدەستی هێناوەو ئەمەش بۆتە هۆی  تێکچوون و شلەژانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و کلتوریەکان لەسەر ئاستی جیهانەوە ، واتا مرۆڤ ئەوەندە سەرقاڵی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی دەبێت کاتی بۆ پەیەوندیە کۆمەڵایەتیەکانی نامینێتەوە، "(ریلەیشنەڵ ئارت) وەك میدیۆمێکی نوێی هونەری لەدوای ساڵی 1995 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک ژینگەیەکی هونەری نوێ دەرکەوت و ئەو زاراوەیە لەلایەن رەخنەگر (Nicolas Bourriaud ) لە کەتەلۆگی پێشانگای هونەری بەناوی ترافیک لە ساڵی 1998دا ناسێنرا چەمکی (ریلەیشنەڵ ئارت ) پەیوەست بە کاری هونەری لە چوارچێوەی کۆمەڵگا و تیشک خستنە سەر بەکارهێنانی کاری هونەری لەگەڵ جەماوەر و دروستکردنی دیالۆگی هونەریی لە نێوان جەماوەر و کاری هونەری و هونەرمەندانی خستە بواری نوێی دەربڕین و وە هونەر وەك داهێنانی ئامرازێکی دەربڕینی کاریگەر کەوا لە بینەر دەكات باشتر بیربکاتەوە و بەشداربیکات لە پرۆسیسی کاری هونەری دیارە درك کردنی هونەرمەندان بۆ گرنگی رۆڵی هونەر لەناو کۆمەڵگادا و گرنگی بەشداری راستەوخۆی بینەر و جەماوەر وەهەروەها ئاستی تەکنیکی و فیکری کارە هونەریەکان بەیەکەوە ئاماژەیەکە بۆ خواستی گۆرەپانی هونەری بۆ کاری نوی وهاوچەرخ، لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵێك پرسیار لەم توێژینەوەیەدا وەك گرفتی توێژینەوەکە دێنە پێشەوە دەپرسین.

1-ئایا تایبەتمەندیەکانی (ریلەیشنەڵ ئارت) لەهونەری هونەرمەندانی کورد رەنگدانەوەی ئەزموونی زۆری  هونەرمەندانە لەگەڵ بینەرو جەماوەر ،وە ئایا پەرچە کرداری بینەر لە چ ئاستێك دایە لە بەشداریکردن لە کارە هونەریەکان؟

2- ئایا (ریلەیشنەڵ ئارت) وەك چەمکێکی هونەری نوێ تاچەند لەکارەهونەریەکانی هونەرمەندان کورد بەرجەستە بووە ؟

3-ئایا کاری هونەری (ریلەیشنەڵ ئارت)ی هونەرمەندانی کورد لەچوارچێوەی باردۆخی کۆمەڵایەتی و ئاریشەو پرسە کانی کۆمەڵگانیان دایە؟

4- ئایا کارەهونەریەکانی هونەرمەندانی کورد و (ریڵیشنەڵ ئات) چۆن هەڵدەسەنگێندرێت لەکاتێکدا بینەر بەشداریەکی کارایە لە کارە هونەریەکە؟

### 1-2- گرنگی ئەم توێژینەوەیە:

وەك سەرچاوەیەك دابندرێت لە کتێبخانەی زانکۆ ،کتێبخانەی کۆلێژی هونەر، کتێبخانەی کۆلێژی ئاداب،  وەك سەرچاوە بەردەست بێت بەکاربهێندرێت لەلایەن قوتابیانی هونەرەجوانەکان،مێژوو، کۆمەڵناسی،هونەرمەندان بەگشتی و هەموو ئەوکەسانەی گرنگی دەدەن بە هونەری هاوچەرخ و (ریڵەیشنەڵ ئارت), ئەوانەی دەیانەوێت زانیاریان هەبێتدەربارەی کاری هونەری هاوچەرخ بەتایبەت (ریڵەیشنەڵ ئارت) لە کوردستان و جیهان،  هەروەها توانای فکری و تەکنیکی و رۆشنبیری هونەرمەندانی کورد لەسەر ئاستی جیهان و ناوخوو بزانن وەروەها ئاستی بەشداریکردنی بینەرو جەماوەر بزانن لە کاری هونەری هاوچەرخدا و (ریڵەیشنەڵ ئارت) دا.

-1-3. ئامانجی ئەم توێژیتویە:

( ناسینی  تایبەتمەندی (ریلەیشنەڵ ئارت ) لە کارەکانی هونەرمەندان

( هیوا کەریم و نەرمین مستەفا )

-1-4سنوری توێژینەوەکە:

بەدیاریکراوەی توێژینەوەکە ئەم دوو لایەنە دەگرێتەوە:

1-سنوری شوێن: هەریمی کوردستانی عیراق / هەولێر, سلێمانی,دهۆك.

2-سنوری کات : بەدیاریکراوی سنوری کاتی ئەم توێژینوزویە لە نێوان ساڵانلی2000 تا2021) دەگرێتەوە.

3-سنوری بابەتی : توێژینەوەکە دەربارەی  (ریلەیشنەڵ ئارت ) لە کاری هونەرمەندانی کوردی هاوچەرخدا.

1-5-دیاریکردنی زاراوەکان:

1-5-1: (ریلەیشنەڵ ئارت) لەرووی زمانەوانیەوە.

نیشاندانی (ریلەیشنەڵ)پەیوەندی یان پەیوەندیداری دەگرێتەوە بەماناگشتییەکەی زۆر زاراوە لە زمانەوانیدا گۆزارشت لە چەمکی (ریلەیشنەڵ) دەکەن، لەناو پێکهاتەکاندا یان لە گفتوگۆیەکاندا یان لە نێو دەقەکان، چەمکی (ریلەیشنەڵ) ئاماژەی پەوەندیەکان دەکات وەك بەستنەوە گرێدانەوە یان کردارە پەیوەندیدارەکان، هەروەها پێدەگوترێت پەیوەندی خزمایەتی و پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.

**1-5-2: (ریلەیشنەڵ ئارت) لەروی زاراوەیی:**

(ریلەیشنەڵ ئارت ) زاراوەیەکە کە لە لایەن چارەسەرکەری نیکۆلاس بۆریۆد بۆ پێشانگای "ترافیک" هەڵگیراوە، کە لە 1996 لە کاپ سی مۆزێی کۆنتمپۆرین دی بۆردیۆ بەڕێوەدەبرێت. ئاماژە بە دامەزراندنەکان و ڕووداوە کارلێکەکان دەکات کە بۆ ئاسانکردنی کۆمەڵگا لە نێوان بەشداربووان (هەردوو هونەرمەند و بینەر) دیزاین کراوە. لە جیاتی بەرهەمهێنانی ئۆبجێکت بۆ بیرکردنەوەیەکی جوانکاری تاک، هونەرمەندانی پەیوەندی هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ئەزموونە کۆمەڵەکانەوە پەیوەندیە نوێیەکانی مرۆڤ بەرهەم بهێنن.

1-5-3: (ریلەیشنەڵ ئارت) لە رويي اجرائي (کارایي):

ئەم میدیۆمە هونەریە لە دوای دەرکردنی کتێبی (Relational Aesthetics) نە لەلایەن (Nicolas Bourriaud)دەربارەی ئەم جۆرە لە هونەری هاوچەرخدا نوسرایەوە، کە تێدا هونەرمەند لەرێگەی بیرۆکەیەکەوە دەیەوێت کارێکی هونەری ئەنجام بدات، لێرەدا بینەری دەوری کاریگەروو بەرچاوی هەیە وە کارکردنە لەرێگەی دایلۆگەوە کە لەنێوان هونەرمەند و بینەردا ڕوودەدات، هونەرمەندانی ئەم بوارە بۆ پشکنینی پەیوەندیە کارپێکراوەکانی نێوان هونەرمەند و بەشداربووان بە نێوەندگیری بیرۆکەو کارە هونەریەکە، بەکارهێنانی ئەزموونی خەڵک وەک ئەو شتەی کە پێی دەڵێت 'کەرەستەی خاوی هونەری ئەنترۆپۆلۆجی پێشکەش دەکات کە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە شێوازی کارکردنی هونەری لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆیدا دابین دەکات بە پشکنین لە هونەر لە ڕووی پەیوەندی مرۆییەوە کاردەکات .

**2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە**

**1-2: ئەو بزوتنەوە هونەریەکانی کە زەمینەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی هونەری(ریلەیشنەڵ ئات):**

**2-1-1-هونەری رودان(Happening)**

لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان جولەی(happening) دەستی پێکرد، لەسەرەتادا لە وڵاتی ئەمریکادا کۆمەڵێك پێرفۆرمانس و ئیڤێنتێك رێکخران و دواتر بە هونەری پێرفۆرمانس ناو برا، ئەم بزوتنەوەیە زۆر جار وەك باڵێکی کنیتیك یاخوود درێژکراوەی دادا و سوریالیزم دادەندرا، ئەم ناوە یەکەمجار (ئالان کاپرۆ) لە ساڵی 1959 لە نیۆرك بەکاریهێنا ( وێنەی ژمارە 1) ، لەهونەری (happening)




وێنەی (1) ئالان کاپرۆو 1970

دا بەشداریکردنی بینەریان دەوێت تا هونەرەکە دروست بێت، هەرچەندە پێشتر پلانی بۆ داندراوە، بەڵام بەبێ خۆئامادەکردن و لە هەرشوێنێك بتەوێت دەکرێت رابردووی ئەم بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوەبۆ شەونیشینەکانی فۆتۆریستەکان و ئاهەنگی کلتوریەکانی دادایەکانی زیوریخ و پیشەنگاکانی سوریالیەکان، کە هەندێکیان بەبۆنەی کردنەوەی پیشانگەیەکی نیگارکیشی شانویەکیان سازدە کرد"(احمد،2017:ل276).

"پاشان هونەرمەندانی ئەمریکي لـە سـالانی 1950، لە درێژەی ئەم چالاکییانە دا شیوازیکی هونەریی نوێیان دەست پێکرد کە دواتر لە ئەورووپاش پەرەی سەند( جـون ،موسیقازانی ئەمریکـی بـوو کـە لـەم ریگایەدا یەکەم هەنگاوی هەلگرت، (کەیج) لە ناوەندەکانی سالانی 1950 بـە هـاوکاری (جەسپر جانـس و روبیرت راوشنبێرگ) کومەڵێک بەرنامەی «مەڵتـی میدیا یـان ئامادەکرد کەدەتوانین وەکوو فۆرمـي سـەرەتایی هونەری رووداو سەیر بکرێن، بەلام زاراوە ی (happening)، بۆیەکەم جـار سـالی ١٩٥٨، لە لایەن «ئالان کـاپـرو»وە لـە وتاریکـدا سەبارەت بە (چەکسـن پـولـوک) بـە ناونیشانی «میراتی چەکسـن پـولـوک» بە کار هاتووە، لـە وەلامی نەم پرسیارەدا کە:" (هونەر پاش هەڵگەرانەوەی پولوک لە نەریتە هونەرییە کانی روژئاوا چ ئاراستەیە ک دەگریتـەبـەر؟)" وەڵامی کاپرو، تیپەریـن لـە سنوورەکانی نیگارکیشـی بـاو بـوو"(محمد، 2017:ل547).

" (happening) جۆرێك بووە لە چالاکی هونەری، بەتایبەت لە گۆرەپانی هونەری نیۆرك و لە ساڵانی 1960، کە تێکەڵاویەك لە رەگەزەکانی شانۆ، شێوەکاری، یاری و چالاکییە ئاساییەکانی ژیانی رۆژانە بوو، هونەرمەند بەرنامەیەکی دەخوڵقاند و نمایشی دەکرد و تێدا بەشدار دەبوو، بەرنامەکانیش شێوازی جۆراوجۆر بوون، شانۆیەك لە شەقام و بازار کە بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵکی ئاسایی سازدەکران"(Kaprow.1970)، لە کۆتاییەکانی 1950کان و سەرەتای 1960کاندا، ڕوودانەکان شاری نیویۆرکی کردە شوێنی ڕوودان، ئەم چەمکە لەلایەن ئالان کاپرۆ، هونەرمەند و وانەبێژێک، کە لە ساڵی 1940دا لەگەڵ یەکێک لە دەرکەوتە سەرەکیەکانی ئەبستراکت ئێکسپرێزمی (هانس هۆفمان)، وێنەکێشانی خوێندبوو. جیاواز لە ڕەخنەگرە کاریگەرەکەی کلێمێنت گرینبێرگ، کاپرۆ کەمتر حەزی بە ئۆبجێکتی هونەری دەکرد وەک لەوەی کە دروستیان کرد: ئەو بە ئەگەری نواندنی نیگارکێشانەوە دڵخۆش بو بڵاوکراوەی رۆژنامەوانی، کە خۆیدەگرێت لە کارێکی هونەری هونەرمەند پێیوایە رۆژ ژمێرەکان تارادەیەك بێزارکەرن بۆ مرۆڤ لەم کارە هونەریەدا هونەرمەند (ئالان کاپرۆ) لە رێکخستنێکی ئیڤێنتیدا بە بەشداریکردنی جەماوەرێکی زۆر لە کاتی نزیکبوونەوەی رۆژانی پشوو بە هاوکاریو هوبەشی لەگەڵ خوودی هونەرمەند(ئالان کاپرۆ) لە پێناوی زیتر هەستکردن بە واقیعی ژیان"( .(Spence,2016:P569




**وێنەی (2) جۆن کەیج، 1983 نیویۆرک**

#### 2-1-2-هونەری فلوکسوس (Fluxus)

(وشەیەکی لاتینیە لەflow ) هاتوە کۆرێکی رادیکاڵی نێودەوڵەتییە لە هونەرمەندان ،ئاوازدانەرەکان، دیزاینەران، سنورەکانی ناساندنی ئەم بزوتنەوەیە لە نێوان زاراوەی هونەر (Art) لەگەڵ ئەوەی کەوا ژیانی رۆژانە دروستی دەکات، ئەوی لە ژیانی رۆژانەدا پێشکەش دەکرێت بریتییە لە شتی هەمەجۆر کە بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتە لە ئەرکیFluxus) ") لەگەڵ ئەرکی بەهێزکردنی ئاستی خوێنەران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گریمانانەی کەوا دەیهێنێتە نێو هونەر و ژیانی رۆژانە، ئازاد کردنی مرۆڤ لەهەموو جۆرە

کەبتێکی( جەستەی و عقلی و سیاسی)، هەڵبەت وەك بزوتنەوەی (دادا) لەژێر هەوەسی ئاژاوەگێرو بێهودەی لە هەموو شتێك لە ژیاندا و رەتکردنەوەی بەربەستەدروستکراوەکان لە نێوان هەموو هونەرەکاندا خۆینواند، هەروەها لە نێوان (هونەرو ژیاندا) بەڵام ئەوە زیاتر کاریگەر،"(الوادی,2011 :لا171).

رەگی (Fluxus)) دەگەڕێتەوە بۆساڵی 1962 کە یەکەم فیستیڤاڵی (Fluxus ) لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، نوێنەری سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە (نام جون پەیك) بووکە هونەرمەندێکی کۆری بوو وە یەکێك بوو لە قوتابیەکانی (جۆن کەیج)، پەیك لەگەڵ (جۆرج ماچوناسی ئەمریکی و هینینك کریستیانسنی دانیمارکی و دیك هێگێنیزی بریتانی) یەکەم فیستیڤاڵی (Fluxus ) یان لە شاری (ویسبانی ئەڵمانی) بەڕێوە برد، لەوێ لەگەڵ هونەرمەندی ئەڵمانی (یوزێف بۆیس) یەکتریان ناسی کە هێشتا نەناسرابوو، فلۆکسوس گروپێك بەئامانجی دیاریکراو یان ستایڵێکی یەکگرتوو نەبوو، بەڵکوو لە هونەرمەندانی لە بیروو بۆچون نزیك لە یەك پێکهاتبوو، بۆیە وەسفێکی رێکێ لە چییەتی و چۆنیەتی گرووپە بە ئەنقەست لە کارەکانیاندا جۆرێك ئاڵۆزیان پەیرەو کردبوو، ساڵانی 1960 و سەرەتاکانی ساڵانی 1970 سەردەمی گەشاوەیی رێباسی (Fluxus) بوون، ئەم رێبازە لە گەڵ چالاکییەکانی هونەری روودان، هەر لەو ساڵانەیدا پەیوەندییەکی بنەرەتی هەبوو بۆ نمونە نزیکایەتیەکی زۆر لەنێوان پیرفۆرمانسەکانی گروپی فلۆکسوس و هەپێنینگەکانی (کلاوس ئوڵدنبێرگ و جیم داین ) دا دەبیندرێت سەرچاوەی هەردوو رێبازەکە دادایزمەو پاشماوەکانی بیرۆکەی دادا بوو، بەڵام ئەوەی جولانەوەی فلۆکسوس لە لەکاتێکدا کە هونەرمەندانی (Fluxus) لە هیچ شتێك رازینین فلوکسوس بوە ئازارێك لە هەوەسەکانی هونەریدا، لە زاری هونەرمەندی فلوکسوس (Ben vautier) نە شێوازو نە مادە گرنگی ئەوتۆی نیە ئەوەی کە هونەرمەندان دەیکەن کۆدەنگی بەرهەم دەهێنن لە نێوان هونەرمەنداندا، مەوداکانی بەرهەمهێنانی کاری هونەری لە کەمترین ئاستیدا پێدەگوترێت (روداو) تا ئاستی نمایشێکی مەزن وەك ئۆپێرای گەورەو بەرفرەوان، هەروەها وێنەکێشان لە سەر پەرۆك، (Baas.2012:p680).



**وێنەی (3) جۆرج ماکیوناس فلوکسپۆست 1977-78**

هونەرمەندەکانی (Fluxus)) زیاتر لە وڵاتانی پیشەسازییەوە هاتبوون و کۆبونەوە لە چەندین نەتەوەی جیاواز پێکهاتبوون کە زۆرێکیان لە هونەمەندەکان رقیشیان لە یەکتری بوو وێنەی ژمارە (2) ، هەڵبەت (Fluxus) رێگایەکبوو بۆئەوەی هەموان باشتر و وردتر وێنای ئەو چەمکە بکەن، ئەوەش زاراوەیەکی لە رووی سیاسیی و کلتوری و هونەریەوە هەڵگری هەستیاری مێژووییەوە، چوارچێوەی چەمکەکە لەوانەی بەشێوەیەکی زۆر ئاسان و سادە دەربکەوێت کە هەونەرمەندانی ئەو بوارە بێهیوا و توندرەون . "هونەرمەندانی جولانەوەی (Fluxus) گرنگی زۆریان دەدا بە (بیرۆکە) وەك لە گرنگیدان بە کارە هونەریەکە، بەلاوە گرنگ بوو کە ئەوبیرۆکەیەی پێشکەشی دەکەن بە چی مەتریالێك جێبەجێ و بەرجەستەی دەکەن، هەڵبەت بەر لە هاتنی هونەری (Fluxus) چەندین ناو و ناتۆرە بۆ کەسایەتی هونەرمەند داندرا بوون، وەك هونەرمەند کەسێکی داهێنەرە،دروستکەرە، توانایەکی رادەبەدەر لە خولقاندنی کاری هونەری یان هێنانە کایەوەی بیروبۆچونی زۆر جیاواز لە خەڵکی ئاسایی، هەروەها لەلایەکی دیکەوە کەسایەتی

هونەرمەندیان وەك كەسانی نەخۆش لەرووی دەرونی پێناسە كرد، دواجار زۆرینە لەسەر ئەوە كۆك بوون كەوا هونەرمەند كەسانێكن جیاواز لە خەڵكی ئاسایی و داهوێنانی هونەری پێشكەش دەكات، هەڵبەت لە دوای پەیدابوونی بزوتنەوەی (Fluxus) پێناسەیەكی زۆر جیاواز بۆ كەسایەتی هونەرمەند پەیدا بووبەوەی كە هونەرمەندش مرۆڤێكی ئاساییە، وە هەموو ئەو شتانەی كەوا مرۆڤ بەرهەمیان دەهێنێت و دەیانخاتە رووت كارێ هونەری داهێنانن.

كاری هونەری (زەردەخەنە جوانەكان) كە كارێكی سەرنج راكێشە بەوەی كۆمەڵێك مرۆڤ زەردەخەنەیەكی سادە و دەستتكرد لە دەربرینی خۆشی وباشی بەڵام ئەمر خۆشی و باشییە هی ئەمان نین، باشبوون ئەمان ناگرێتەوە كەوا زەردەخەنەی ئەو شتە دەدەن كەوا دەستگەیشتنە بە پزیشكی ددانی زۆر باش وێنەی ژمارە(3)، وا دەردەكەوێت جۆرێك لە پروپاگەندە بێت بۆ خەندەكردن و پێكەنین، یاخوود وەك رەتكردنەوە و رەخنەگرتن لە پێكەنینی پروپاگەندەی خێزانی دەربكەوێت و سەیر بكرێت، وە هەروەها لە نادادی و نایەكسانی لە بواری پزیشكی ددان كە پەیوەست دبێتەوە بە نایەكسانی و نادادپەروەری لە سیستەمی سەرمایەداری " .( (poge, 2015:p12

**2-1-3-هونەری پێرفۆرمانسی (performance)**

"ئاكاروو كردەوەو نواندنی مرۆڤ هەر لەسەرەتای بونیەوە لەناو (طقوصی) ی و بیرۆ باوەرە میتافیزیكیەكانی ئاینیكانەوە هاتوە ، سۆمەریەكانەوە لەكاتی عیبادەت دا جۆرێك لە نواندنی خۆچەمانەوە لە بەرامبەر خواوەندەكان لە مەعبەدەكان ئەنجام دەدا، لای میسریەكۆنەكان و هۆزو تیرە ئەفریقیەكان وێنەی)4) و ئەمریكای باشوور و ئاسیاو هیندۆسەكان و بودایەكان لای ئەمانە هەرهەمویان نواندن ( performance) وەك جۆرێك لە رەفتار و ئاكار رۆژانەی مرۆڤ بووە، ئەمانە رۆژبەرۆژ لەگەڵ پێشكەوتنی شارستانیەت و كلتورەكان هونەرەكانی نواندن پێشكەوتوە كە خۆی دەبێنێتەوە لە سەماو و هەڵپەركێی میلەتان و نەتەوەكان، هەڵپەركێی كۆردێش یەكێكە لە پێرفۆرمانسانەی كەوا لە ئاهەنگ و بۆنە تایبەتو نەتەوەییەكان ئەنجامدەدرێت، دەكرێ ئەمانە وەك سەرچاوەی مێژویی بۆ ئەمر تایپە لە هونەر هەژمار بكرێن، ئەوەی وەك سەرچاوەی راستەو سەرهەڵدانی ئەمر هونەر دەگەرێتەوە ئیڤێنتەكانی(فیوچەریس) و سوریالیست و دادایەكان



وێنەی (4) وڵاتی دۆگۆن لە ئەفریقیا قەبیلەكان

وە كەسەرەتا لە چالاكیەكانی یانەی شەوان لە (زیوریخ)كە تێدا وێنەكێشەكان راستەوخۆ (ئاكشن) یان ئەنجام دەدا، لە دوای پەیدابوونی (Happing) لە سەروتاكانی ساڵانی 1960 كان، هونەری نواندن (performance) بەدوایداهات كە وەك یەك لە هونەری (كۆنسێپچوال) پۆلێن دەكرێت، لەمر میدیۆمە تازەیە هونەرمەندان ئایدیاكانی كۆتایی سەدەی بیستیان خستە بواری جێبەجێكردنەوە،كە تێدا بەشێوەیەك دووپاتی ئەوە كرایەوە كە هونەرمەند لە نمایشەكانیدا پشت بە بینەردەبەستێت، خولقاندنی هەرجۆرە بەرهەمێكی هونەری لە بەرچاوی بینەر تەنانەت (مۆندلیان) لە كاتوو جولەی دەستی كاتی خوڵقاندن و دروستكردنی تابلۆكەی لەبەردەمی بینەر جۆرە رەگەزێكی پێرفۆرماسی لەخۆدەگرێت،هەروەها (جۆرج ماتیۆ) كە بریار دەدات لە پێش بینەر

بەبەكارهێنانی كاریگەریەكانی وەك روناكی و موسیك ، قەڵغانی لەبەرخۆیكرد، ئەمانە وەك سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری نواندن (performance) دادەندرێن"( Cogan,1967:p23).

هونەرمەند خۆی بریار لەسەر كات و شوێن و تەنكنیكی كارەكەی و كەرستەبیرنەری كارەكە چۆن هەڵدەبژێرێت، "(ماریانا ابراهیمۆڤیچ) لە ساڵی 1974 لە شاری ناپولی لە ئیتالیا 72 كەرستەی جۆراوجۆری هەر لە شەكرو خوێ و زنجیر و تادەگاتە دەمنچەی پر لە فیشەكی گولە ، هونەرمەند داوا لە بینەر دەكات ئازادن كەوا چۆن و بەچ شێوەیەك بیانەوێت دەتوانن لە رێگەی بەكارهێنانی ئەم كەرستانەوە هەڵسوكەوت لەگەڵ جەستەی هونەرمەند بكەن، ماریانا لە م كارەیدا مەبەستی بوو بینەر بەشداری پێبكات و هەڵویستیان رونبكاتەوە كە دواجار زۆرێك لە بینەرەكان ئازاری جەستەیی هەنەرمەند دەدەن، ئەمە یەكێكە لەو كارە دژوارو سەرسورهێنەرەكانی ئەم هونەرمەندە كە بەمەبەست كار لەسەر سایكۆلۆژیای كۆمەڵگای مۆدێرن دەكات وێنەی ژمارە (5) ، ( محمد.2017:لا568).



**وێنەی (5) جوزیف بۆیس 1964**

هەڵبەت جۆرێك لە تەكنیك و تایبەتمەندی ئەم تایپە لەهونەر وایكرد لەسەر ئاستی دونیا زۆر تەشەنە بكات و ببێتە یەكێك لە شێوازە هەرە كاریگەرەكانی هونەر هاوچەر".هونەری نواندن (performance) بەپرسیاری توند و سەرنج راكێش دەربارەی هونەر دروست دەكات، ئەم تایپە تازەیەی وەرچەرخانێكی لە تێگەیشتنی سەرتاپاو كۆی پرۆسەی هونەری كرد، "لەگەڵ هاتنیدا مێژوی هونەر دەوەستێنێت و جارێكیتر بە ئەبدەیتی نوێوە دەستی پێكردەوە،لەگەڵ دەركەوتنی كەشوهەوای سیاسی و كۆمەڵایەتی ئەویش دەركەوت بەمەبەستی دروستكردنەوەی لە ستۆدیۆكەی دابراو تەنیا دواجار نمایشی كارەكانی بەبێ بونی پەیوەندیەكی هەستی و روحی لەگەڵ بینەر كارەكانی نمایش دەكرد، ئەمە بوە جێگای رەخنەی هەنەرمەندانی نوێخواز، مەبەست لە تێكەڵ كردنی هونەر لەگەڵ جەماوەر بۆ هەڵسوكەوتكردنی بینەر لەگەڵ دیاردە هونەریەكان و بەركەوتنیانیان بەر توخمەكانی هونەرو سەرنجدانی گشتی بینەر بە سەرەتاو ناوەراست و كۆتایی كاری هونەری ، واتا تیا ژیانی بێنەر لەگەڵ هەموو زەمەن و كاتی هونەری، تیسورانەوە بەناو مەوداكانی كاری هونەری لەلەیەن بینەرەوە چەمكی جوانی و چێژوەرگرتنی گۆری لە چێژوەرگرتنی دوو لایەنەی هونەرمەند و بینەر لەیەك كات و ساتدا، ئەم كردارەش بە لابردنی سنوری نێوان هونەرمەند و بینەر هاتەكایەوە جۆزیف بۆیسی هونەرمەند بەتەواوی ئەم ینورەی شكان و بینەری خستە ناوئاستێكی تری بیركردنەوەو هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە كاری هونە " (Buttock,2010: p27). لایەنەی هونەرمەند و بینەر لەیەك كات و ساتدا، ئەم كردارەش بە لابردنی سنوری نێوان هونەرمەند و بینەر هاتەكایەوە جۆزیف بۆیسی هونەرمەند بەتەواوی ئەم ینورەی شكان و بینەری خستە ناوئاستێكی تری بیركردنەوەو هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە كاری هونەری وێنەی ژمارە(6)، "هونەرمەند(Joseph Beuys) وەك یەكێك لە كاریگەرترین هونەرمەندەكانی بواری هونەری پێفۆرمانس، كە لە یەكێك لە كارەكانی لە شاری ئاخن لە ئەڵمانیا لەبەر توندی و دژواری كارەهونەریەكەی بەشێك لە بینەرو جەماوەر هیرشی دەكەنە سەری و 32 بۆكسی بەر دەموچاوی دەكەوێت، هونەرمەند لەم كارەیدا باسی دیورای نێوان دووبەشی ئەڵمانیا دەكات و وەك شتێكی قێزەون دەیخاتەروو دوای ئەوەی لوتیشی بریندار دەكرێت دەستی بەرزدەكاتەوەو سەڵیبێكی بەدەستەوەیەو بەرزی دەكاتەوە ، پێرفۆرمانسەكەی بە شێوەی ئاخاوتنە دەردەبرێت، و باس لە

عەقڵی سیاسیەکان دەکات دەڵێت دیواری تێدای بۆیە دەبێتە هۆی نانەوەی پەشێوی و تێك گیربوونی جەماوەری، کە لێرەدا (بۆیس) مەبەستی بوو بزانێت هەڵوێستی بینەر چییە و چی رودەدات(p20 Beuys,1993: ).



وێنەی(6)(ئاندرۆزیتیل) 2002

## 2-2- دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە هوەنەری (ریلەیشنەڵ ئارت)

کۆڕاتۆر و ڕەخنەگری هونەری فەرەنسی نیکۆلاس بۆریاد (لەدایکبووی ١٩٦٥) کارەکانی (ئاندرۆ زیتیل) بە نموونەی ئەو شتە دەزانێت کە ناوی دەنێت 'جوانکاری پەیوەندیدار، هونەری پراکتیکەکانی ساڵانی نەوەدەکان کە وەک ئاسۆی تیۆری خۆیان 'کایەی مرۆڤ کارلێکەکان و چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەکەی، نەک جەختکردنەوە لەسەر سەربەخۆیەک و فەزای هێمادارى تایبەت، بە واتایەکی تر، بەرهەمەکانی هونەر کە بۆریاو پۆلێنکردنەکان وەک پەیوەندیدار هەوڵدەدەن بەریەککەوتن لە نێوان کەسانێکدا دابنێن کە تێیدا... مانا بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ وردتر دەکرێتەوە نەک لە فەزای تایبەتکراوی تاکدا بەکارهێنان، بۆیە بینەری ئەم بەرهەمە وەک فرەیی پێشبینی دەکرێت، بەڵکو لە پەیوەندییەکی یەک بە یەک لە نێوان بەرهەمی هونەری و بینەر، کۆمەڵە هونەرییە پەیوەندیدارەکان ئەو دۆخانەی کە بینەران وەک جەماوەرێکی بەکۆمەڵ و کۆمەڵایەتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؛ جگە لەوەش لە زۆرێک لەم بەرهەمانەدا ئەو پێکهاتەیەمان پێدەدرێت کە... کۆمەڵگە، هەرچەندە ئەمە کاتیی یان یۆتۆپیایی بێت (Carl,2019:p7).

هونەرمەندانی (ریلەیشنەڵ ئارت) پێیان وایە کە هونەر چونکە لە هەمان کەرەستەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دروست بووە، لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کلتوری کۆمەڵگادا پێگەیەکی تایبەتی هەیە،کارەکانی هونەرمەندانی ئەم بوارە شێوازی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت و کارلێککردن لەگەڵ بینەردا لەناو ئەو ئەزموونە جوانکارییەی پێشکەشی دەکرێت, وە پرۆسە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕەهەندە بەرچاوەکانیان وەک ئامرازێک کە خزمەت دەکەن بۆ بەستنەوەی تاکەکان و گرووپە مرۆییەکان بەیەکەوە، ڕاستیەکە ئەوەیە کە کاری هونەری بەهیچ جۆرێك کارێکی بەسوودی پێشوەختی نییە نەک لەبەر ئەوەی کە لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە بێ کەڵک بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەردەستە و نەرمە و مەیلی بێکۆتایی هەیە، بە واتایەکی تر تەرخان کراوە بۆ جیهانی ئاڵوگۆڕ و گەیاندن، جیهانی بازرگانی بە هەردوو مانای زاراوەییەکەی، هەموو کاڵاکان هاوبەشیان هەیە ئەو ڕاستییەیە کە بەهایەکیان هەیە بە بڕی پارە نوێنەرایەتی هەڵدەسەنگێندرێت، هەڵسوکەوتی هونەرمەند و وەک بەرهەمهێنەر ئەو پەیوەندیە دیاری دەکات کە لەگەڵ کارەکانیدا دروست دەبێت. بە واتایەکی تر ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت پێش هەموو شتێک پەیوەندی نێوان خەڵک و جیهانە، هونەری دووبەرەکی و گۆڕاو و هونەری بەشداریکردن و ڕووداوەکان، ئەوی دوایی هۆشیارییەکی زیاتردەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان کلتوری کۆمەڵگاکان مرۆڤایەتی بە هونەرەوە سەریهەڵدا، دوای ئەوەی جیاوازی کەلتوری دروستکرا لەلایەن فشارەکانی جیهانگیریەوە، زیادبوونی ژمارەی هونەرمەندان لە بنچینەی (غەیرە) ڕۆژئاوایی کە بەشداری کردنیان لە بازاڕی هونەری نێودەوڵەتی ماڵەکانی گفتوگۆکردن و بۆنەو چالاکیە هونەری و کلتوریەکانەوە ، لەسەر پرسی ئاڵوگۆڕی کەلتووری هاتنە کایەوە(شانیس, 2002.:لا89).



**Rikrit Tiravania 1992 وێنەی (7)**

بەبێ بەکارهێنانی هیچ سانسۆرێك و یان جۆرێك لە داگیرکاری و خستنە ژێر هیچ فشارێکەوە، هەڵبەت بەشداریکردنی بینەر لە شوێنە گشتییەکاندا لە ڕێگای ناساندن و شیکردنەوەی چەمکی (ریلەیشنەڵ ئارت) ی (نیکۆلاس بۆریۆد) کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم شێوازە لەکارکردن ناساندنی جەستەی مرۆڤ وەك روکارێکی سروشتیی و ئامادەبوێکی فیزیکییە توخمێکی سەرەکیی کاری هونەرییە، هەروەها وشیاری مرۆڤ دەوری کاریگەری هەیە لە بوونی پەیوەندیەکی روون لە نێو هونەری (ریلەیشنەڵ ئارت)دا، هەڵبەت لە سیاقی کۆمەڵایەتیدا لە نێوکایەی هونەری و ئەزموونەکانی پێشوودا لە هۆڵەکانی نمایشکردن لە گەلەریەکان و مۆزەخانەکان پانتایی و فەزایەکی سەرەکین بۆ پاشەکشە کردنی جەستەی مرۆڤ وەك روکارێکی سەروشتی وەك لەکارەکانی( دۆمینیک گۆنزالێس-فۆێرستەر) دا بەدیدەکرێت کە تیدا کۆمەڵێک منداڵی لە فەزای ئەشکەوتی هۆڵی تۆربینەی تایت مۆدێڕندا لەندەن2009 وێنەی ژمارە(8)، لەم پانتاییانەدا بەگشتی خەڵك قەدەغەدەکەن لە چالاکی تێکەڵاوبوون گفتوگۆکردن لە نێو کایەی کارە هونەریەکاندا، بە هۆکاری نەبوونی یاوەریکردن و ئەنجامەندانی کرداری بوێرانە لە شوێنە گشتییەکاندا، هەڵبەت لە هونەری (ریلەیشنەڵ ئارت)دا ڕێگە لەبەردەمی جەماوەروو خەڵکدا کراوەیە بۆ دروستبوونی دینامیکیەتی گروپی و بەشداربوونی چالاکانە و پێشوازیکردنێکی رەخنەگرانە بۆ کارە هونەرییەکان لە دووتۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا، وەك ئەوەی هەمومان دەوردرابین بە بێگانەکان و هاورێکان و خێزانەکانمان، ئەم توخمە خۆیلەخۆیدا بوو بە بابەتێکی پربایەخ لە نێو هونەری هاوچەرخدا، روبەری بەریەك کەوتنی کۆمەڵایەتی هەوڵدانە بۆ درووستکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و فەرهەنگەکاندا:"Bourriaud: 2002(p41, ).



**وێنەی (8) دۆمینیک گۆنزالێس-فۆێرستەر تایت مۆدێڕندا لەندەن2009**

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەروەها وەک ناوەندێکی هونەری زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کە بەشداری لە وێنەگرتن و ڤیدیۆ و دامەزراندنەکانی بۆشایی ئاسمان دەکات، ئەم کارانە لەوانەیە ئەو شتانەی تێدابێت کە پێدەچێت پارچە هونەری تەقلیدی بن و

بکڕدرێن و بفرۆشرێن، هەرچەندە دەبێت لە کۆتاییدا وەک بەشێک لە دیمەنی گشتی چالاکی کۆمەڵایەتی سەیربکرێت، وەك بۆریۆد بانگەشەی بۆ دەکات- ئەو مرۆڤەو دیموکراتیە، بەڵام ئەم شێوە هونەرە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت زاراوەی (ریلەیشنەڵ ئارت) بۆ باسکردنی جۆری کاری هونەری کە هونەرمەندانی Pirkit Tiravanija)) کە گەشەیانکرد لە مۆزەخانەی (Mom) لە ساڵانی 1990، ئەم زاراوەیە پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە بە چەمکی رەخنەیی و میکانیزمی کردارە کۆمەڵایەتییەکان، (ریڵەیشنەڵ ئارت) ئامانجی سەرەکی هەیە لە کۆکردنەوەی خەڵك و دروستکردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە رێگەی تایبەتمەندیە جوانناسیەکانی کاری هونەری"(ستالابراس, 2012,:لا124).

**3- بەجێهێنانی توێژینەوە**

**3-1-کۆمەڵگای توێژینەوە:**

لەڕوانگەی ئەو ژمارە زۆرەی ئەو کارە هونەریانەی کەبە میدیۆمی (ریڵەیشنەڵ ئارت) کە توێژەر گرتەبەر لەبەر زۆری ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوە خۆچرکردنەوە لەسەر کارە هونەریەکانی (ریلەیشنەڵ ئارت) دوای ئەوەی توێژەر هەستا بە شیکردنەوەی (2) کاری هونەری دوو هونەرمەند لە هەرێمی کوردستان ئەم کارانە لەڕێگەی ئینتەرنێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەندەکان دەکران و دوای ئەوەی کارانە دەکەونە سنووری توێژینەوەکە لە نێوان ساڵانی (2000 تا 2020)، ئەم نمونانە گونجاون لەگەڵ تایبەتمەندی توێژینەوەکە .

**3-2- نمونەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی مەبەستدار و هاوتەریب لەگەڵ ئەو نیشانانەی کە لە چوارچێوەی تیۆریی و هاوتەریب لەگەڵ تایبەتمەندی ئەم توێژینەوەیە لە کۆمەڵگەی ڕەسەنی خۆیدا هەڵبژێردراوە، و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەرجانەی کە دەبێت بە نمونەی توێژینەوەکە لە بژاردەی بە ئەنقەست بێتە دی، کە تێیدا جۆراوجۆری لە رێگای جێبەجێکردن و کەرستەی بەکارهاتوو لە پێناوی دووبارەنەکردنەوە و تیشک خستنە سەر گەیشتن بەسێ ئامانجی توێژینەوە و لەبەرچاوگرتنی ئەو ماوەیەی کە ئەو کارانە تێدا ئەنجام دراوە، وە سەرنجدان بە ئەو تایبەتمەندیانی لە (ریڵەیشنەڵ ئات) کە لەکارەکاندا هەیە.

**3-3-ئامرازی شێکاریکردن :**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە و ئاشکراکردنی تایبەتمەندییە(ریڵەیشنەڵ ئارت) لە هونەری هاوچەرخی کوردیدا، توێژەر پشتی بە نیشاندەرە هونەری و جوانکاری و فەلسەفی و بابەتییەکان بەستووە، کە لە چوارچێوەی تیۆریدا وەک ئامرازێک بۆ

1 - وەسفی فۆرمی گشتی، شیکردنەوەی توخمەکانی.

2- دۆزینەوەی تەکنیکی چەسپێنراو.

3- دۆزینەوەی تەکنیکی چەسپێنراو.

**3-4-میتۆدی توێژینەوە :**

توێژینەوەکە پەیرەوی پرۆگرامی وصفی شیکاری دەکات، بۆشیکاری کارە هونەریەکان کە ئەمەش گونجاوە لەگەڵ بەبەت و تایبەتمەندی توێژینەوەکە.

**3-5-ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە کتێب و کوراسەی هونەری و ماڵپەری ئەنتەرنێت واتا کارە هونەریەکان لە کتێبی باوەر پێکراوو ماڵپەری باوەڕپێکراوی ئەکادیمی لە ئەنتەرنێت دەرهێنندراون.

3-6-شیکردنەوەی نمونەکان:

**3-6-1-هونەرمەند نەرمین مصتەفا عەوێز:**

**ناوی کارەهونەریەکە (کرافت)**

**3-6-1-1-شیکردنەوە لەرووی بینینەوە:**

ئەم کارە هونەرییە بیرۆکەی هونەرمەند (نەرمین مصتەفا عەوێزە) بە تەکنیکی (ئەنستەڵەیشن) لەلایەن بینەرو بەشداربوانەوە دروستکراوە شێوەی کارە هونەرییەکە پیتی (L) ی ئنگلیزییە، ئەنستەڵەیشنەکە کتێبخانەیەکە لە سێ قاتی پێکدێت و لە چواربەشی بە

قەبارەی ( 180بەرزیەکەی 50سمر پانی و 300 سمر درێژیەکەی بۆ سێ دانەی کتێبخانەکە وە 180سمر بەرزی سمر50 پانی و 280 سمر درێژی یەکدانەیانە)، کەتێدا پرکراوە لە فۆرمی جیاواز و جۆراو جۆری لە شێوەی کتێب یان ئەوشتانەی پەیوەستن بە کتێبەوە، لە ساڵی 2021 لە گەلەری ئازاد شەوقی نمایش کرا کە یەکێك بوو لەوکارانەی کە لە پرۆژەی (ئەومرۆڤانەی کاردەکەن) نمایشکراوە وێنەی، وەك دەردەکەوێت هونەرمەند (نەرمین) هەوڵیداوە لەنێو گەلەریەکەدا ماپێکی شاری سلێمانی چەندین وێنەی فۆتۆگرافی لە سەرلایەك لە دیوارێکی هۆڵەکە هەڵواسیبوو وێنەی ژمارە (9)، کە بەشێك بوو لەپرۆژە هونەریەکەی هونەرمەند(نەرمین) لەنێو ماپەکەدا ناو و شوێنی هەندێك لە گەرەکەکانی شاری سلێمانی ئاماژەی بۆ کراوە وەك بەشێك لە پرۆسێسی پرۆژەکە، هەروەها وەك لە وێنەکاندا دەردەکەوێت لەلایەکی تری گەلەریەکە ئەنستەڵەیشنێك لە شێوەی کتێبخانە دروست کراوە لەئاسن و تەختە و دار کە شێوەی کتێبخانیە دەدات، وەك لە کۆنسێپتی کارەکەیدا ئاماژەی پێکردوە، کتێبخانەیەك دروست بکات بە میدیۆمی (ئەنستەڵەیشن)، بەڵام ئەوەی روونە لە وێنەکاندا بینەروو بەشداربوان لە ناو هەمان هۆڵی گەلەریەکەدا خەریکی گەرانن بەدوای کەرستە و شتی سەرنج راکێش لەنێو ئەو خۆڵ و خاشاکانەی کەوا لە نێو گەرەکەکانی شاری سلێمانی کۆکراونەتەوە، ئەوان وەك دەردەکەوێت خەریکی دروستکردنی فۆرمێکن لە شێوەی کتێب یان ئەو شتانەی کەوا پەیوەندیدارن بە کتێب، هەڵبەت ئەمر پرۆژەیەی هونەرمەند ( نەرمین مستەفا) بەسێ قۆناغ دا تێپەریوە، قۆناغی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك لەناو



وێنەی ژمارە (9) نەرمین مصتفاعوێز 2021

گەرەکەکانیی شاری سلێمانی و ناوبازار و هەندێك لە مۆڵەکان پاشان قۆناغا کارکردنی ناو گەلەریە و کۆتایی قۆناغیش دانا واتا (ئەنستەڵەیشن)ی کارەکەیە، لە رێگەی شیکردنەوەی هونەرمەندەکەوە کە برۆشۆرو ماپی شاری سلێمانی هەڵواسراوە لەگەڵ چەندین وێنەی فۆتۆگرافی لەنا ماپەکەدا ئەوگەرەکانی ئاماژەیان پێکراوە کە هونەرمەند و چەند هاورێیەکی خۆڵ و خاشاکیان لێوە کۆکردۆتەوە، لەلایەکی تری گەلەریەکە خۆڵو خاشاکەکان بەگوێرەی گەرەکەکانیان جیاکراونەتەوە، هەڵبەت ئەمر کارە لەناو خودی کتێبخانەکەش ئەنجامدراوە واتا هەرگەرەکەو شوێنێکی بۆ تەرخان کراوە، واتا بۆ هەر گەرەکێك جۆر و شێوازی بەکارهێنانی کەرستەکان جیاوازن، گەرەکی زۆر دەوڵەمەندەکان لەگەڵ گەرەکی مامر ناوەند و گەرەکە هەژار نیشینەکان بەگوێرەی کەرستەکان جۆری ژیانیان بەرجەستە دەبێت،وەك دەردەکەوێت بەشداربوان لەگەڵ و کەرستەکاندا بەدوای ئەو شتانەدا دەگەرێن کەوا بەشداربوان خۆیان بە ئارەزۆی خۆیان فۆرمێکی لێوە دروست دەکەن ودەیخەنە ناو کتێبخانەکە کە لەناوەراستی هۆڵی گەلەریەکە داندراوە، کە شێوەی لە پیتی ئێڵی ئینگلیزی دەچێت، دیارە بەشداربوان لە هەوڵی ئەوەدان کەوا کتێبخانەکە پرکەنەوە بە ئۆبجێکت و کەرستەی جۆراوجۆر کە لە هۆڵەکەدا هەن، دانانی کەرستەکان لەلایەن بەشداربوانەوە زیاتر نزیك دەکرێنەوە لە فۆرمی کتێب یان هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە کتێبەوە هەی، جگە لەمەش زۆربەی بەشداربوان تێکستیان نوسیوە وەك بەشێك لە گرنگی کارەکەو زۆربەیان باسی ژیانی خۆیان یان ژیانی گشتی دەکەن، بینەر لەمر کارە هونەریەی هونەرمەند (نەرمین مستەفادا) پانتاییەکی بەرفراوان داگیر دەکات، بەو واتایەی کە بینەر لە سەنتەری کارەکەدایە بە جەستەو هەست و سۆزەوە، وەك بەدی دەکرێت هەریەکەو لەلایەن خۆیەوە سەرقاڵی دروستکردنی کارێکی ئنستەلەیشنن وە دواجار لە نێو کتێبخانەکەدا لە شوێنی ئەو گەرەکەی دادەنێت کەوا خۆڵ و خاشاکەکانی لێوە هاتوە، بەو واتایەی کە بینەر هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ ئەو خۆڵو خاشاکانەی کەوا سەر بەگەرەکێکی دیاریکراون لەنێو شاردا دواجار پاشماوەکان لەفۆرمێکی کتێب ئاسادا دەخرێنە نێو کتێبخاەنکەوە.

**3-6-1-2-شیکردنەوە لەروی تەکنیکیەوە:**

ئەم کارەی هونەرمەن هونەرمەند (نەرمین مستەفا عەوێزە) بە میدیۆمی (ریلەیشنەڵ ئارت) ئەنجامدراوە، هونەرمەن هەوڵیداوە بیرۆکەی کارەکەی خۆی کە دروستکردنی کتێبخانەیەکە لە پاشماوەی زبڵ و خاشاکی چەند گەرەکێکی شاری سلێمانی لەگەڵ بینەر و بەشداربوان ئەنجامی بدات، مەبەستیش تێدا کارە هونەریەکە بینەر یان بەشداربوان بیربکەنەوەو کاربکەن بەیەکەوە تا کارێکی هونەری بەرهەمی دەهێنن ، واتا هونەرمەند خۆی وەك کەسی سەرەکی کارەکە دەرناکەوێت بەپێچەوانەوە وەك بینەرێك دەردەکەوێت، هونەرمەند لەم پرۆژەدا کە بەناوی (کرافت) کراوە بینەر دەخاتە نێو دۆخێکی بەرپرسیاریەتیەوە کە وەك بەشێکی گرنگ و کاریگەر نێو کارە هونەریەکە کارێکی (ئەنستەڵەیشن) بەرجەستە بکات، هەڵبەت کەرستەی بەکارهاتوی کارەهونەریەکە پێکدێت لە ماپێکی شاری سلێمانی کە تێدا ئەو گەرەکانە دەستنیشان کراون کەوا هونەرمەند لەگەڵ چەند کەسانێك لە هاورێیانی خۆی خۆڵ و خاشاکی لێوە کۆکردەوە کە هەرگەرەکێك بەجیا لەنێو گەلەریی ئازاد شەوقی لەسەر زەوی داندراون، لەگەڵ ووێنەو فۆتۆی جۆراوجۆری پەیوەست بە کارەکە، بەشدابوان لەم کارە هونەریە سەرپشك کراون لەوەی کەوا تەکنیکی (ئەنستەڵەیسن ) لە دروستکردنی فۆرمێك لە جێگای کتێب لەنێو کتێبخانەکە دابنێن، هەڵبەت ئەم بەشدارییپێکردنەی بینەر بە میدیۆمی (ریڵەیشنەڵ ئارت) بەڵام بە تەکنیکی ( ئەنستەڵەیشن) .



**وێنەی (10) نەرمین مصتفا عەوێز 2021**

واتا دوبارە بەکارهێنانەوەی کەرستەی بەکارهاتوو لە دوتۆی کارێکی هونەریدا وێنەی ژمارە (10)، لە کەرستەی فرێدراوەوە بۆ ئۆبجێکتێکی هونەری، بیرۆکەی هونەرمەند بۆ ئەوەمان رادەکێشێت کەوا بیر لەو کارە بکەینەوە وەك کارێکی ژینگەیی، بەڵام واپێدەچێت مەبەستی هونەرمەند زیاتر بەرکەوتنی بینەرە لەگەڵ کەرستەی بەکارهاتووی کەوا رۆژانە لەنێو شاری سلێمانیدا بەکاردێن وە هەروەها وردبونەوەو تێرامانی بینەرە لەو جیاوازییەی کەوا لە شێوازو جۆری ژیانی خێزانەکانی نێو ئەم شارەیەیە، کە تێدا گەرەکی دەوڵەمەند و گەرەکە ماماوەندەکان و هەژارنیشینەکان لە رێگەی بەکارهێنانی خۆڵو خاشەکەکانیانەوە لەیەکتر جیادەکرێنەوە، وەك دەردەکەوێت لە وێنەو فۆتۆگرافیەکان کەرستەی گەرەکە دەوڵەمەندەکان بەزۆری ئەوکەرستانەن کەوا خێزانەکان بەشێوەیەکی گشتی بە ئامادەکراوی دەیانکرن وەك کارتۆنی خواردنی دیلیڤەری هەروەها ئەو کەرستانەی کەوا لە مۆڵ و مارکێتە گەورەکانی شار دەکردرێن کە چەندین جۆر جیاوازی براندەکانی کەرستەو کۆمپانیاکانی دونیامان بەرچاو دەکەوێت، بە پێچەوانەوە کەرستەی گەرەکە هەژار نیشینەکان زیاتر خۆیان دەگرن لە عەلاگەو شتهای لە جۆرە بابەتە، کەواتە بیرۆکەی هونەرمەندەکە لە کاتی پرۆسێسی دروستکردنی کارەکەدا بینەر فۆرمی گشتی و کۆتای کارەکە تەواو دەکات.

**3-6-1-3--شیکردنوەی کارەکە لە رێگەی وصفییەوە:**

ئەم کارە هونەریە بیرۆکەیەکە لە گەڵ مەودای بەشدارییوونی بینەر وەك سەنتەری کارەهونەرییەکە و دوبارە بەکارهێنانەوەی کەرستەی بەکارهاتوو وەك ئۆبجێکتێك یان ئەنستەڵەیشنێك لەنێو کارێکی هونەریدا خراوەتە روو، هونەرمەند(نەرمین مستەفا) دەستی بردووە دروستکردنی روبەرێکی نوێ و میدیۆمی (ریڵەیشنەڵ ئارت) بۆ دوبارە بونیادنانەوەی پەیوەندیە لێك ترازاوەکەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، وا پێدەچێت هونەرمەند بەدوای ئەوەدا بگەرێت بینەر بخاتە نێو بارودۆخێکی پڕ لە پرسیار و گرمانە دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگا و هەروەها بارودۆخی ئابوریی کە لە ئەمرۆی ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا

بەدیدەكرێن، هونەرمەند لە كۆنسێپتی كارەكەیدا فەزایەكی لەنێو گەلەرییەكە خوڵقاندووەو كە بینەروو بەشداربوان لەكاتی كاركردنیاندا لەنێو ئەم پرۆژەیەدا پەیوەست دەكاتەوە بە دونیای دەرەوە واتا واقیعی ژیانی خۆیان كە تیدا مرۆژ وەك كائینێكی بەكارهێن لەسەردەمی هاوچەرخدا دەردەكەوێت، هەروەها فەزای ناو گەلەرییەكە كە



وێنەی (11) نەرمین مصتفا عەوێز 2021

دونیایەكی جیاوازە بینەر و بەشدابوان دەكەونە نێو بارودۆخێك كەوا تێدا لە ئاستێكی بڵندایەو بیردەكاتەوە هەڵسەنگاندن دەكات بۆ دونیای دەرەوە دابەشكاری دەكات و كۆمەڵگای بەكارهێن پۆلێن دەكات بەگوێرەی ئەو مەتریالانەی كەوا لەبەردەستی دان، كە كۆكراونەتەوە لە دونیا واقیعیەكە ژیانی رۆژنەدا، بینەر لەقۆناغی پۆلێنكردن و جیاكردنەوە و هەڵبژاردنی مەتریال و كەرستەكاندا لەوە تێدەگات كەوا شار لە ژیانی

واقیعیدا پۆلێنكراوە و بەستراوەتەوە بە سیستەمی (كەپیتالیزم) وە كە تێدا كۆمپانیاكان دەستیان بەسەر ژیانی مرۆڤ داگرتوە و مرۆڤیان ناچار كردووە پەیوەستبێت بەم سیستەمە جیهانییە، هەڵبەت بینەران وبەشداربوان كە لەدوا قۆناغی دانانی(ئەنستەڵەیشنی) كتێبخانەكە لە خۆڵ و خاشاك و پاشماوەی نێو شاردا لە بارودۆخێكی پڕلە بیركردنەوەو ئەفراندندا بە هەستكردن بەوپەری ئازادییەوە بەرجەستەی كارە هونەریەكە دەكەن و دوا قۆناغی (ئەنستەڵەیشنەكە) ئەنجام دەدەن وێنەی ژمارە (11)، بینەر لێرەدا تواناكانی هزری و هونەری خۆی تاقی دەكاتەوە وەك سەنتەری كارەكە دەردەكەوێت، كتێبخانەیەك لە كەرستەی فرێدراو بەتامی كتێب دادەمەزرێنێت، لێرەدا (ئەنستەڵەیشنی) كتێبخانەكە گوزارشتە لە ژیانی واقیعی ناو شاری سلێمانی لە زەمەنی ئەمرۆدا.

**3-6-2 هونەرمەند هیوا كریم : ناسراو بە(هیوا كەی):**

**3-6-2-1-شیكردنەوە لەرووی بینینەوە:**

ناویكارە هونەریەكە (كاتێک وێنەكانمان هەڵدابوو)، ئەنستەڵەیشن بە میدیۆمی رێڵەیشنەڵ ئات پێشانگای جیهانی هونەری هاوچەرخ لە شاری كاسێلی ئەڵمانیا 14ی حوزەیرانی 2017: دۆكیومێنتا هۆتێلی تیوب بۆ سەردانكەران گەورەترین پێشانگای جیهانی هونەری مۆدێرن ێكهاتەی گیگانتیک لە 20 بۆری قوڕی سیرامیك پێكدێن ، كە رەنگێكی سوریان هەیە كە نزیكەی 6 مەتر درێژی و 70 سانتیمەتر ئەندازەی ناوەوەی هەر بۆریەكە، شێوەی دانانیان كە چوار دانە بە بەرزایی لەسەر یەكتر لە سەر دانراون وە پێنج دانە بەپانی لە پاڵ یەكتر لە سەر زەوی دانراون، بەگشتی كارێكی (ئەنستەڵەیشن) كە فۆرمێكی نیمچە چوارگۆشەی وەرگرتوە، هونەرمەند (هیوا كەریم) ئەم كارەی وەك شوێنی حەوانەوە دروستكردووە و هەموو پێداویستیەكانی خەوتنی تێدا فەراهەم كراوە، كارەكە وەك شێوەی هوتێلێك خۆی دەنوێنێت، ئەم بۆریانە خۆی لەخێدا لە خزمەتی ژێرابەكان بەكار دەهێندرێن، هەڵبەت دامەزراندنی كارە هونەریەكەی هونەرمەند (هیوا كەریم) لە گۆرەپانێكی گشتی لە شاری كاسێل داندراوە هونەرمەند( هیوا كەی )ئیلهامی پرۆژەكەی لێوەرگرتوە وێنەی ژمارە(12) ، ئەم بۆری زێرابانە لە شاری (پاتراس) ی یۆنانی كە پەنابەران لەوێ نیشتەجێن وەك شوێنی حەوانەوەی خۆیان بەكاریان دەهێنا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک، تا ئەو كاتەی رێگایەک دەدۆزنەوە بۆ ئیتالیا، هەڵبەت وەك لەوێنەكاندا دەبیندرین بینەران و بەشداربوان بە حەزو ئارەزوی خۆیان دەتوانن بەتەواوی ئاوێتەی كارەكە بن و بچنە ناو لولەی بۆریەكان و تێدا كتێب بخوێنەوە و بخەون و ئیسراحەتی تێدا بكەن و بەچواردەوری كارەكە بەئاسودەی دابنیشن و بچنە ناوەوەو بێنە دەرەوە، ئەوەی بەدیدەكرێت و مەبەست و ئامانجی هونەرمەند لە كارێكی( ریڵەیشنەڵ ئارت ) كە تێدا كەتێدا بینەر دەچێتە نێو

قوڵایی کارەکەوە بۆ ئەوەی درك بە ئازارەکانی ئەوکەسانە بکات کە لە سنورەکانی چەندین وڵات دەبرن تاوەك و بگەن بە وڵاتێك تێدا بە ئارامی بژین.



وێنەی (12) هیوا کەریم 2017

**3-6-2-2-شیکردنەوە لەروی تەکنیکیەوە:**

ئەم کارەی هونەرمەند(هیوا کەی) بە میدیۆمی (ریلەیشنەڵ ئارت) ئەنجامدراوە کارێکی (ئەنستەڵەیشنە) و بینەرتێدا کارایەو توانای بەرجەستەکردنی تەواوی کارەکەی هەیە، کارە هونەریەکە  هەرچۆنێک بێت خۆی لە م چەمکانە ئەگرێتەوە( نیشتەجێن. ئایرۆنی، گاڵتەجاڕ، رەخنەی کۆمەڵایەتی و ئارەزوو بۆ مانەوە) کە ئەمانە دەبێتە هاودەمێک بۆ تەلارسازی ئاسۆیی و ستوونی، کە شانبەشانی پرۆسەی نەخشەکێشان و تەلارسازیی، ئەمانە توخمی سەرەکین لای ئەم هونەرمەندە لە پرۆژەی (کاتێک وێنەکانمان هەڵدابوو)، هونەرمەن(هیوا کەی) هاتوە کارەکەی خۆی پەیوەستکردۆتەوە بە بیرەوەری خۆی کە لەکاتی جێهێشتنی وڵات و مانەوەیان لە سنورەکانی نێوان وڵاتی یۆنان و ئیتاڵیا لە نێو بۆری زێرابەکاندا شوێنی حەوانەوەی خۆیان پەیداکردوە، ئەم بۆریانە شوێنی بیرەوەری هەزاران پەناهەندەن، سوود وەرگرتنی هونەرمەند(هیوا کەی) لە بیرەوەری و روداوەکانی نێو ژیانی رابردووی دوبارەکردنەوەی هەمان مەتریال و لە چوارچێوەیی کارێکی هونەری ( ئەنستەڵەیشن) و بەمیدیۆمی رڵەیشنەڵ ئارت و بە دانانی لەنێو گۆرەپانێکی کراوەدا بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر بە هەموو رەنگە جیاوازەکانەوە بخاتە نێو قوڵایی کارەکەوە، لە بەکارهێنانانی بۆری زێرابەکان گۆرینی بۆ کارێکی هونەری و بەشێوەیەك کەوا بوار بە بینەر بدات بەتاواوی لەمسی کارەکە بکات لەمسی هەموو ئۆبجێکتە بەکارهاتوەکان بکات تا ئەو رادەیەی کەوا دەسکاریشیان بکات وێنەی ژمارە(13)، بینەر بەتایبەتیش بینەری وڵاتێکی ئەوروپی کە لەبەرامبەر کاری هونەرمەندێکی پەناهەندە بەرکەوتنێکی مەریفی قوڵ دروستدەکات لەنێوان دوو کلتوری رۆژهەڵاتی و رۆژ ئاوایدا، کە دواجار مرۆڤەکانن چۆن درك بەیەکتری بکەن.



وێنەی (13 ) هیوا کەریم   2017

**3-6-2-3-شیکردنەوە کارەکە لەرێگەی وەصفییەوە:**

هونەرمەند (هیوا کەی) هەوڵیداوە گوزارشت لە بارودۆخی پەناهەند بکات، هونەرمەند لێەدا بیری لەوە کردۆتەوە کە چۆن بتوانێت باسی رێگا قاچاغی گەیشتن بە ئەورووپا بەجۆرێك پیشان بدات کە لە رووی یاساییەوە کێشە نەبێت، دواجار بریاردەدات کارەکەی وەك ئەزموونی کەسی خۆی نەخاتە روو، بەڵکو وەك ئەزموونێکی مرۆڤایەتی لە کارەکەیدا رەنگ بداتەوە، لێرەوە کارەهونەریەك کەرستەکانی کە بەکاریانی هێناوە پەیوەستن بە کات و ساتی ئێستاوە بەڵام هونەرمەند دێت کاتەکانی رابردوو بەتایبەت ئەو بیرەوەریە لەبیرنەکراوانەی کە لە رێگای قاچاغی لای ئەو ماونەتەوە، لە تنها یادەوەرییوە بکاتەوە بە ئۆبجێکت، هونەرمەند دەیەوێت بەسەرهاتەکانی ئەم رێگایەمان لەرێگەی ئەم کارە هونەریەدا بۆ بخاتە روو، هونەرمەند دوای گیرسانەوەی لە ئەورووپا وەك مرۆڤێك و لە هەمانکاتدا هونەرمەندێك چاودێری بارودۆخی مرۆڤ دەکات کە لە نێو ژینگەدا دەژیت و بە شێوەی زۆر بەهێز بۆ سەرەوە دێن و ئاسمان دەشکێنن لە خوارەوەشدا زەوی تێکدەدەن، هەڵبەت بەشێوەیەکی ستوونی شوێنی نیشتەجێن و زۆربەی کات بە لەناوبردنی شێوەی ئاسۆیی کۆمەڵایەتی خانوو لە سەر زەمین دروست دەکرێن کە لە پێشودا هەبوون، بە هەمان شێوە پێکهاتەی ئاسۆیی خانووبەرەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زیاد لەبەر هەژاری فراوانبوونی شێوەی ستوونی وازیان لێهێنراوە، هەروەها ئاسمان شکێنەکان بۆ ئەو نوخبەیە دروست کراون کە خاوەنی زۆرینەی سامانی جیهانن، ئەم بۆریانە بۆ بیرهێنانەوەی



**وێنەی (14) هیوا کەریم 2017**

پەنابەرێکن، کەهونەرمەند (هیوا کەی) بە تایبەتی دەیزانێت، چونکە ئەو لەگەڵ چەندین پەنابەری تر لەنێو ئەم جۆرە بۆریانەدا ژیاوە بۆ ماوەی سێ هەفتە لەوێ مایەوە ئەوە جۆرێک بوو لە کەمپێکی پەناخوازانە ئەوان لەوێ مانەوە وێنەی ژمارە (14)، بۆ ئەوەی دەرفەتێك برەخسێت لەسەر کەشتییەک خۆیان بشارنەوە، کە بیانهێنێتە شوێنی تری دەریای سپی ناوەڕاست بۆ ئیتالیا، هەروەها چیرۆکی گەشتەکەی دوایی لە پاتراسەوە لە یۆنانەوە بۆ ئانکۆنای ئیتالیا دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم گەشتە ئەنجام بدات، کەی ناچار بوو خۆی بە بارهەڵگرێک قاچاخ بکات کە بە بەختەوە بیباتە ئانکۆنا جارێک لەسەر تەختەکە، هیچ ژوورێک نەبوو بۆ قسەکردن لەسەری و هیوا کەی و ئاوارەکانی تر دەبوو لە بۆری زێرابەکاندا بژین و بخەون، هەڵبژاردنیئەم بۆریانە لە لایەن هونەرمەند(هیواکەریم) وەك کارێکی (ریلەیشنەڵ ئارت) پەیوەست دەبێتەوە بە تێکەڵاو کردنی خەڵك و بینەر بە کارەکە، هەروەها وەك جۆرێك لە رەخنەی جدی لە سیستەمی کەپیتالیزم ئە ئەمریکاو زۆرێك لە وڵاتانی جیهان پەیرەویدەکەن، ئازاد کردنی بینەر کەوا بەجەستە و هەست و سۆزەوە ئاوێتەی کارە هونەریەکە بن بۆ ئەوەی بەتەواوی درك بەو سنوارانەی نێوان هونەر و ژیانی راستەقینە بکەن کە تێدا مەبەستیش لە ژیانی پەناهەندەو ئەو بارودۆخانەیە کەوا کەسانی پەناهەندە پێدا تێپەردەبن، دواجار هونەرمەند بە دانانی ئەم کارە (ئەنستەڵەیشنە) و بە ئامادەگی و بەشداریکردنی کۆمەڵگای ئەوروپی وەك تەواوکەری راستەقینەی کۆنسێپتی کارە هونەریەکە بەرجەستە دەبێت.

**نیشاندەرەکان**

1-کردەوەی نواندنی مرۆڤ هەروەها بەشداریکردن لە بۆنەو نەریتە ئایینیەکان وبیروباوەری میتافیزسقیەکانەوە هاتووە.

2- میدیۆمەکانی هونەری (روداو و فلۆکسوس و پێرفۆرمانسی) وەك هونەری هاوچەرخ سەرەتایەك بوو بۆ بەشداریکردنی بینەر و جەماوەر لە نێو کاری هونەری و چالاکییە هونەریەکاندا هەروەها وەك سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت)،

3- هونەرمەندانی بواری هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت) یان وەك هونەرێکی زیندوو نوێخواز هێنایە بەردەمی بینەروو جەماوەر، تا ئەوئەندازەیەی کەوا بینەر بەشێکی گرنگ و کاریگەرە لەم میدیۆمە هونەرییەدا.

4-هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت) ئاراستەی بینینی لای بینەر بەتەواوی گۆری لە بینەرێکی خەوتوو بۆ بینەرێکی زیندووی کارای خاوەن بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی.

5-رەخنەگری بواری هونەری (نیکۆلاس بۆریۆد) توانی هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت) هونەرمەندانی ئەم بوارە بباتە ئاستێکی ترو پێگەی بینەری و جەماوەری لە تەنها سەیرکەرێکی سادەوە بباتە ئاستی بەشداربوێکی کاریگەرگرنگ نێو کایەی هونەری.

**4-ئەنجامەکانی توێژینەوە**

**4-1- ئەنجامی توێژینەوە**

**1**-کردەوەی نواندنی مرۆڤ هەروەها بەشداریکردن لە بۆنەو نەریتە ئایینیەکان وبیروباوەری میتافیزسقیەکانەوە هاتووە.

2- میدیۆمەکانی هونەری (روداو و فلۆکسوس و پێرفۆرمانسی) وەك هونەری هاوچەرخ سەرەتایەك بوو بۆ بەشداریکردنی بینەر و جەماوەر لە نێو کاری هونەری و چالاکییە هونەریەکاندا هەروەها وەك سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت)،

3- هونەرمەندانی بواری هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت) یان وەك هونەرێکی زیندوو نوێخواز هێنایە بەردەمی بینەروو جەماوەر، تا ئەوئەندازەیەی کەوا بینەر بەشێکی گرنگ و کاریگەرە لەم میدیۆمە هونەرییەدا.

4-هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت) ئاراستەی بینینی لای بینەر بەتەواوی گۆری لە بینەرێکی خەوتوو بۆ بینەرێکی زیندووی کارای خاوەن بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی.

5-رەخنەگری بواری هونەری (نیکۆلاس بۆریۆد) توانی هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت) هونەرمەندانی ئەم بوارە بباتە ئاستێکی ترو پێگەی بینەری و جەماوەری لە تەنها سەیرکەرێکی سادەوە بباتە ئاستی بەشداربوێکی کاریگەرگرنگ نێو کایەی هونەری.

4-2-دەرئەنجامی توێژینەوەکە

دوابەدوای لێکدانەوەی و شیکردنەوەی نمونەکان توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانە

1-ئەوەی لە دەرئەنجامدای پێگەیشتین ئەوەیە کە هونەرمەندانی لە رێی  هونەری هاوچەرخەوە بەتایبەتیش هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت) باشتر گوزارشت لە گیشەو گرفتەکانی ناو کۆمەڵگاکان دەکەن.

2-هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت) بەپێی ئەوتوێژینەوەی ئێمە کردومانە بە بیرۆکەو تەکنیك و جۆری ئیشکردن و ئەدا هونەرمەندەکان و بەشداریکردنی کاراو راستەوخۆی بینەر لە دروستکردن و ئەنجامدنی کارەکە تا کۆتایی.

3-درککردنی بینەر و بەشداریکردنی لە کارەکان مانا هەبوونی ئاستێکی باشە لە تیگەیشتنی جەماوەری بۆ کاری هونەری هاوچەرخ و نۆێبەتایبەتیش (ریڵەیشنەڵ ئارت).

4-هونەرمەندانی (ریڵەیشنەڵ ئارت) ئەزمونێکی تازەیان پێشکەشکرد لەروی تەکنیکی ئیشکردنەوە بینەر بو بە سەنتەری کاری هونەری لەم میدیۆمە تازەیەدا.

5-هونەرمەندانی هەردوو رەگەز لە بواری هونەری (ریڵەیشنەڵ ئارت)    وەك یەك کاردەکەن بەتایبەتیش بەلایانەوە گرنگە جەستەی مرۆڤ وەك مەتریال بەکاربهێنن.

4 -3-پێشنیارەکان

1-کاریگەریەکانی تەکنەلۆژیا بەسەر تەکنیکی کاری هونەری لەهونەری هاوچەرخدا.

2-کاریگەری ژینگەی باش بەسەر تێگەیشتنی جەماوەری بۆ هونەری هاوچەرخ.

3- ئامادەیی جەستە لە تەکنیکە تازەکانی هونەری (ۆیڵەیشنەڵ ئارت).

**4-4-لیستی سەرچاوەکان**

- احمد، هڵگورد، (2017):مێژوی هونەری شێوەکاری، ناوەندی غەزەلنوس،سلێمان.

- ستالابراس، جولي,(2012):الفن المعاصر, مؤسسة منداوى,القاهرة.

- شانيس، مينيك، (2002):مارسيل دوشامب، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.

-محمد، ئارام، (2017):هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ، چاپەمەنی مانگ-کەرەج،

.Bourriaud, Nicolas, (2002): Relational Aesthetics, institute fur theater berlin -

.Buttock, Gergo, And Robbery Nickas, (2010): The Art of Performance -

.Carl, Patow, (2019) Relational Aesthetics, Virginia Commonwealth University -

.Cogan, Amanda, (1967): what is Performance Art, Arish Museum, Dublin -

.Dohmen, Renata.open, (2013): Art journal, louisina -

.Beuys. Joseph, (1993): Thinking is form the drawings of Joseph Beuy -

.poger, Rothman, (2015): Fluxus of the work of the Art, journals symploke -

.Poll, penee, (2014) the tableaux of Vanessa Beecroft.Arts of kent stet -

.A PHAIDON, GLOBAL, (2020): COMPANY Artspace Editors SEPT -

.Spencer, Catherine, (2016): Art Historians, New York -

.Sylavla, Chalker, (1994): Oxford Dictionary, clays Ltd.st Ives PIC.1994, P3581 -

.A Calendar of Happenings and Allan Kaprow, (1970): Counter-Chronologies and Cataloguing Performance-

.Baas, Jacquelynn, (2012): Fluxus and the EssLenial questions of lif, hood museum of Art, London -

.Bourriaud, Postproduction, (2002): Lukas& slernberg. New York -

.Bourriaud, Nicolas, (2002): Relational Aesthetics Nicolas Bourriaud, Relational Aesthetics -

/https://victoriajoanhollings.wordpress.com/author/victoriajoanhollings-

https://www.tate.org.uk/art/artworks/gonzalez-foerster-noreturn-

https://www.artspace.com/magazine/art_101/art_market/neo_dada_collection-5406 -

https://www.facebook.com/narmenmstafaawez-

Hiwa K Biography, Artworks & Exhibitions2-

**The Special of Relational Art in The Work of Artists Hiwa Karim and Narmen Mustafa**

**Hemn Hamed Sharef**
Department of Distortion Art, College of Fine Arts,
Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hemnhamed1973@gmail.com

**Tanya Abdullbaser Muhamad Hasan**
Department of Distortion Art, College of Fine Arts,
Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
tania.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**

In general, this research titled the special of Relational Art in the work of artists (Hiwa karim and Narim Mustafa), which is formed in four parts, is the first part of the research. And the importance of research and the purpose of research and the boundaries of research as well as determining the dialects, generally The first part: the art movement that paved the way for the production of art (Relational at), The art of Relational art in the contemporary world is the third part of the research process, which is the research community, the research program, and the tool Data analysis, data analysis that the researcher has used to achieve the results by using scientific research procedures and the method of describing the analysis. The fourth season will produce results, recommendations, and research proposals that will be concluded.

**keywords:** Relational Art, Viewers, Artist, Contemporary World, Social, Participants.

**خصائص فن العلائقية " في الاعمل الفنانين (هيوا كريم و نرمين مصطفى)**

**هيمن حميد شريف**
قسم فن الرسم ، كلية الفنون الجميلة،
جامعة صلاح الدين-أربيل، أربيل،إقليم كوردستان، العراق
hemnhamed1973@gmail.com

**تانيا عبدالبصير محمد حسن**
قسم فن الرسم ، كلية الفنون الجميلة،
جامعة صلاح الدين-أربيل، أربيل،إقليم كوردستان، العراق
tania.mohammed@su.edu.krd

**ملخص**

وبشكل عام، فن هذا البحث الذي يحمل عنوان " خصائص(الرينيشنال ئارت" في الاعمل الفنانين(هيوا كريم و نرمين مصطفى) ، والذي يتكون من أربعة أجزاء، هو الجزء الأول من البحث. وأهمية البحث والغرض من البحث وحدود البحث وكذلك تحديد اللهجات، الجزء الأول من البحث هو إطار البحث الذي يتكون من ثلاثة أجزاء ، الجزء الأول: الحركة الفنية التي مهدت الطريق لإنتاج الفن (1 - Relational AT- فنان فلوكسوس - 3 فنانين من الفصل الدراسي الثاني : - بوابة لفهم فن الفن الثالث : فن Relational art في العالم المعاصر هو الجزء الثالث من عملية البحث وهو المجتمع البحثي ، وبرنامج البحث ، وأداة تحليل البيانات ، وتحليل البيانات التي استخدمها الباحث لتحقيق النتائج باستخدام إجراءات البحث العلمي وطريقة وصف التحليل. سينتج عن الموسم الرابع نتائج وتوصيات ومقترحات بحثية سيتم الانتهاء منها.

**الكلمات المفتاحية:** فن العلائقية، المتلقي, الفنان, الفن, المعاصر,المجتمع، المشارك.